بەندە نوێژێک دەکات، هیچی لە پاداشت بۆ نانووسرێت تەنها دەیەکی نەبێت، (یان) نۆیەکی، (یان) هەشتەکی، (یان) حەوتەکی، (یان) شەشەکی، (یان) پێنجەکی، (یان) چوارەکی، (یان) سێیەکی، (یان) نیوەی

لە عبد الله ی کوڕی عەنەمەوە دەڵێت: عەمماری کوڕی یاسرم بینی چووە نێو مزگەوتەوە و نوێژی کرد، و نوێژەکەی هەندێك بە پوختی کرد، کاتێک هاتە دەرەوە، هەستام و چووم بۆ لای، ووتم: ئەی ئەبا یەقزان، نوێژەکەت تۆزێك بە خێرایی کرد، ئەویش ووتی: ئایا بینیت هیچ شتێکم لە پایە و واجبەکانیم کەم کردبێتەوە؟! ووتم: نەخێر، ووتی: من بە پوختی ئەنجامم دا پێش ئەوەی شەیتان سەرقاڵم بکات (بە وەسوەسەکانی)، گوێم لە پێغەمبەری خودا بووە -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: «بەندە نوێژێک دەکات، هیچی لە پاداشت بۆ نانووسرێت تەنها دەیەکی نەبێت، (یان) نۆیەکی، (یان) هەشتەکی، (یان) حەوتەکی، (یان) شەشەکی، (یان) پێنجەکی، (یان) چوارەکی، (یان) سێیەکی، (یان) نیوەی».

[حەسەن - باش)] [(أحمد) ڕیوایەتی کردووە]

عەماری کوڕی یاسر -ڕەزای خوایان لێبێت- چووە نێو مزگەوت و نوێژێکی سوننەتی کرد، و نوێژەکەی هەندێك بە پوختی ئەنجامدا، کاتێک لە مزگەوت دەرچوو، عبد الله شوێنی کەوت، وێڕای ووت: ئەی ئەبا یەقزان، بینیم نوێژەکەت هەندێك بە پوختی ئەنجامدا ! عەمار ووتی: ئایا بینیت هیچ شتێکم کەم کردبێتەوە لە پایە و واجب و مەرجەکانی ؟! ووتی: نەخێر، عەمار ووتی: من نوێژەکەم هەندێك بە پوختی کرد؛ پێش ئەوەی شەیتان سەرقاڵم بکات. گوێم لە پێغەمبەر بوو -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: بەڕاستی بەندە نوێژێک دەکات، و لە پاداشتەکەی تەنها دە یەکی، یان نۆ یەکی، یان هەشت یەکی، یان حەوت یەکی، یان شەش یەکی، یان پێنج یەکی، یان چوار یەکی، یان سێ یەکی، یان نیوەی بۆ دەنووسرێت.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65468